## مێژووی هاوچەرخی کورد

دەیڤید مەک داوڵ یەک لە شارەزایانی رۆژئاوایی کیشەی کوردە، کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا پەرتووکێکی لە سەر کورد بڵاوکردەوە(Kurds: A Nation Denied).

کتێبی پڕلاپەڕەی A Modern History of The Kurdsکاری تازەتری "مەک داوڵ"ە، کە تێیدا ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئابووری کوردی لە پارچەکانی کوردستان لە سەدەکانی نۆزدە و بیستەم خستۆتە بەر لێکۆلینەوە و بایەخی سەرەکی داوە بە دەوری عەشیرەتە کوردەکان.

کتێبەکە وەرگەڕاوەتە سەر فارسی بەڵام فەسلێکی گرنگی لە تەرجەمەدا قرت کراوە و ئەویش بەشی سێزدەهەمە لە "کتاب سوم" بە ناوی "رەعیەتی کۆماری شیعە" و بە دوای بەشی "ئێران: پێک هێنانی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی نەتەوایەتی" دا دێت.

من ئەم یادداشتەم لە بەر دەقە فارسییەکە نووسیوەتەوە بەڵام بەشی قرت کراویشم بە ئینگلیزی خوێندۆتەوە و یادداشتم لە بەر هەڵگرتووە، ئەگەر دەرفەتیش هەبێت وەریدەگێڕمە سەر کوردی و فارسی.

سەبارەت بە "بۆکان و بۆکانی" لەم کتێبەدا، دەبێ بڵێم بەشی ١٠ و١١ و١٢ و١٣ی کتێبەکە سەبارەت بە کوردی ئێران و بە گشتی ئێران نووسراوە کە لێرەولەوێ ئاماژە بە بۆکانیشیان تێدا دەبینرێت و من لێرەدا پێرستێکی ئەو بابەتانەی وا بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆکان دەگرنەوە پێک دەهێنم.

دەقی فارسی کتێبەکە وەرگێڕانی رێزدار ئیبراهیم یۆنسی یە. با هەر لێرەدا بڵێم کە مامۆستا ئیبراهیم ئەرک و زەحمەتێکی زۆر دەکێشێت بۆ وەرگێڕانی دەقی سەبارەت بە کورد و بۆ هەمیشە ناوی وەک خزمەتگوزاری راستەقینەی گەلەکەمان دەمێنێتەوە، بەڵام بە داخەوە بۆ زۆربەی کتێبەکان سەرەتایەک دەنووسێت کە دارماڵی رەخنە و هێرشکارییە بۆ سەر سیاسەتی کوردان و هەندێک رێبەری سیاسی کورد. دیارە رەخنەگرتن مافێکی دیموکراتیانەی هەموو کەسێکە، بەڵام مامۆستا برایم لەم کارە ئەوەندە دەچێتە پێشێ، کە نووسینەکانی رەنگی هێرشکاری بۆ سەر خەباتی سیاسی گەلەکەمان دەگرن و لاوەکانمان لە داهاتووی خەباتی گەل بێ هیوا دەکەن. بە هیوای ئەوەی مامۆستا لە کارەکانی داهاتوویدا ئەم رێبازە ناپێویستە بەجێ بهێڵێت.

ئەوەش پیرستی بابەتی سەبارەت بە بۆکان لە بەشی ١٠ و ١١ و ١٢دا:

فەسڵی ١٠(کورد لە حکوومەتی رەزاشادا) (لل ٣٧٢ تا ٣٩٢)

- یەک لە سەرەک هۆزەکوردەکانی موکری لە سەقز پێشنیاری بە نوێنەری بریتانیا کرد کە کێشەی سەربەخۆیی کورد لە ژێر حیمایەتی بریتانیا بکەوێتە بەر باس(ژوئیە ی ١٩١٨).[*وابزانم ئەو سەرەک هۆزە، یەک لە دێبوکرییەکانی بۆکان بوو، ئەنوەر*].

- گروپێک لەو سەرەک هۆزانە بۆ هەمان ئامانج لە سنەو سەقز و هەورامانەوە چوون بۆ سلێمانی
- لە جانیوەری ١٩٢١دا دوو هۆزی گەورەی موکری واتە دێبوکری و مامەش لە شنۆ چاویان بە نوێنەرانی سمکۆ کەوت.
- ناوچەی دێبوکری و مامەش بوون بە دوو شوێنی هاوپشت و ناحەزی سمکۆ.
- شێخ طە ناوچەی دەوروبەری بۆکانی تاڵان کرد.
- سایین قەڵا لە رۆژهەڵاتی بۆکان.
- پیاوێکی سابڵاغی گۆڤارێکی بە ناوی رۆژی کوردستان لە لایەن سمکۆوە دەرکرد.[*ئەو کەسەی باسی کراوە لە راستیدا ئەمر مەلا محەممەدی تورجانی زادەیە*].
- هێزی یارمەتیدەر[ی حکوومەتی رەزاخان] لە ناو هەندێک هۆزی گرنگی موکری پێک هات. و لە هەمان ساڵدا(١٩٢٤) لە هەندێک لەو هێزە دژ بە "والی پشتکۆ" کەڵک وەرگیرا.
- سەرۆکی موکری لە ساڵی ١٩٣١دا بە شێوەیەکی نەزانراو لە زیندانی مەهاباد مرد.

فەسڵی ١١(هۆز یا قەوم؟ کۆماری مەهاباد) _لل ٣٩٥ تا ٤٢٣)

- ناوچەی نێوان مەهاباد و سەقز لە چوارچێوەی دەسەڵات و نفووزی سۆڤیەت دا بوو، بەڵام لە دەرەوەی چاوەدێری راستەوخۆی ئەو.
- لە ناوچەی نێوان مەهاباد و بۆکاندا، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد رێبەری نا خۆشەوییستی دێبوکریش دەیویست خۆی لە مەقامات[ی ئێران] نزیک بکاتەوە. ئەویش وەک عەبباس قوبادیان[نەوەی داودخانی کەلهوڕ] پێشنیاری کرد هێزێکی سوارە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە پێک بهێنێت و وەک نوێنەری مەرکەز[تاران] لە گەڵ حەمەرەشید[خان]دا وتو وێژ بکات. ناوبراو وەک فەرمانداری مەهاباد، بە ئیجازەی دامەزراندنی ٣٠٠ "شبە نظامی"یەوە گەڕایەوە ناوچەکە، بەڵام بۆ سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە، لێزانی و هاودەستی پێویستی نەبوو. حەمەرەشید بە تووڕەییەوە هەڕەشەی لێکرد کە "سمێڵی دەتاشێت". هەروەها، لەبەر ئەوەی عەلی ئاغا نەیتوانی یارمەتی دارایی دەوڵەت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان سەرەک هۆزەکان دابەش بکات، ئەوە بوو بە هۆی کێشەی نێوان ئەو و سەرەک هۆزی مامەش و مەنگوڕ و براکانیشی کە پێشتر نێوانیان لە گەڵی باش نەبوو، زیاتر لێی دوورکەوتنەوە و لە ئەنجامدا ئەوانە دەستیان دایە دەست یەک و لە مەهاباد دەریانکرد (*زیاتر نفووزی قازی محەممەد بوو کە ئەوی لە فەرمانداریی مەهاباد لابرد. ابراهیم یۆنسی*)
- کاتێ کە عەلی ئاغای دێبوکری پێی لە سەر وەفاداریی بۆ تاران داگرت، برا ناڕازییەکانی بوونە خوازیاری پشتگیری و رووتێکردنی سۆڤیەت.
- چوونی نوێنەرانی عەشاری کورد بۆ باکۆ.
- حاجی بابە شێخ، لە سەیدەکانی زەمبیل لە نزیک بۆکان، کە لە ناوچەکەدا نرخی بۆ دادەنرا،[کرایە سەرەک وەزیری کابینەی پێشەوا].
- هەندێک لە سەرەک هۆزانی دێبوکری، کە رێبەرایەتی قازی محەممەدیان بۆ قەبووڵ نەدەکرا، لە باشووری کۆمار[سەقز] پەیوەندیان بە سەرتیپ هومایونی فەرماندەی هێزەکانی ئێرانەوە گرت.
- قازی محەممەد لە گەڵ دێبوکرییەکانیش تەنگ و چەڵەمەی هەبوو و ناچار شکاک و هەرکی بە رێبەرایەتی عەمەرخان نارده بۆکان.
- تەنیا گەورک ی مەهاباد و فەیزوڵلابەگی و زەرزا، وەفادارییان بۆ قازی محەممەد هەبوو.
- ئەوانەی وا چوون بۆ باکۆ: حاجی بابە شێخ، مەجیدخانی میاندواو، عەلی ئاغای دێبوکری و کوڕەکەی واتە عومەری عەلیار(بۆکان) بوون
- کێشەی نێوان مەجیدخانی میاندواو و عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری

- ئاغاكانی ئیلخانی زادەی دێبوكری لە یەكەم كەسەكان بوون كە پشتگیریی كۆمەڵەیان كرد(ژ.ک)، بەڵام كاتێ كە قازی محەممەد بۆ رێبەرایەتی كۆمەڵە هەڵبژێررا، پشتیان بەردا.
- هەڵبژاردنی یەكەمی رووسەكان قازی محەممەد نەبوو، بەڵكوو ٣ سەرەک هۆزی ناوچەكە واتە عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد، عەمەرخانی شكاک و قەرەنی ئاغای مامەش بوو. عەلی ئاغا كرابووە سەرۆكی ژاندارمری ناوچەكە(*ڕۆزوێلت،"كۆماری كورد"، ل ١٣٩* ).

فەسڵی ١٢، ئێران: پێک هێنانی بزوتنەوەیەكی نەتەوایەتی" (لل ٤٢٥ تا ٤٤٣)

- دێبوكرییەكان هێشتا ٣٠٠٠ شەركەر و نزیكەی ٧٠٠٠ تفەنگی زیادیشیان هەبوو. (*ئەوە راست نییە، عەشایر هەر خاوەنی ئەو تفەنگەن كە بە دەستیانەوەیە. ابراهیم یۆنسی*)
- باكووری رۆژئاوا[ی ئێران] (ورمێ- مەهاباد- بۆكان) لە ناوچە كوێستانییەكانی تر پێشكەوتووتر بوو.
- لە ساڵی ١٩٥٢ دا ئاغاواتی بۆكان تووشی تەنگژە هاتبوون[*راپە ڕینی شكۆداری خەڵكی بۆكان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بەرێبەرایەتی حاجی قاسمی كەریمی، میرزا حەمەرەئوفی خەیات، عەبڵا ئێرانی، عەلی میرەبەگ و..... ئەنوەر*].
- لە بۆكان و مەهاباد زەوی وزار لە نێوان بنەماڵەی دێبوكری و ئەعیانی تردا دابەش كرابوو.

فەسڵی ١٣،"رەعیەتی كۆماری شیعە"(لل ٢٦١ تا ٢٨٣ ی دەقی ئینگلیزی)

ئەم فەسڵە، پێداچوونەوەیەكی خێرا و ژورنالیستیە بە رووداوەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان لە دامەزرانی كۆماری ئیسلامییەوە تا پێش بڵاوبوونەوەی كتێبەكە لە ساڵی ١٩٩٦. لەم فەسڵەدا، بە پێچەوانەی بەشەكانی دیكەی كتێبەكە كە لێكۆڵینەوەكان لە سەر بنەمای هۆز و تایفەی كورد دانراون، گرنگایەتی سەرەكی بە حزبەسیاسییەكانی رۆژهەڵات بە تایبەت حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران و كۆمەڵە دراوە، گەرچی ئاماژەی بە فیدائیانی گەل و پەیكار و ئەوانیتریش تێدایە و لە رێبەرە ئایینییەكان باسی دەوری شێخ عزالدین حسینی و ئەحمەدی موفتی زادەی كردوە و لە شەڕی سنە و نەغەدە دواوە. ئەوەش ئەو ئاماژانەی وا بە بۆكان و بۆكانییەكان كراوە:

- لە سپتەمبری ١٩٨٢ دا[هێزەكانی ئێران] بۆكانیان بە شێوەی كاتی گرتەوە.
- وت و وێژ لە گەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی سكرتێری یەكەمی كۆمەڵەی زەحمەتكێشان و راگەیاندنی بۆچوونەكانی(لل ٢٨٣،٢٨١،٢٨٠،٢٧٩،٢٧٦،٢٧٥).
- محەممەد موهتەدی (٢٨٠ و ٢٨٣)
- عومەر ئیلخانی زادە(٢٨١)
- دێبوكری بۆكان(٢٨١)
- سەلام عەزیزی (٢٨٣)

ئینگلیزی

David MC Dowall, "A Modern History of the Kurds", I. B. Tauris, London/ New York, ١٩٩٦, English, ٤٧٢ pp. ISBN ١٨٥٠٤٣٦٥٣ ٣

فارسی

دیوید مک داوڵ،"تاریخ معاصر کرد"، مترجم ابراهیم یونسی، انتشارات پانیذ، تهران ١٣٨٠[٢٠٠١]، فارسی،٧٠٤ صفحه